نەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی كـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن كەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. كاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس كاكل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژكاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالح ئاكین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی گەنجان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (فەیس بووک) بە نموونە

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

د. حیکمەت نامیق عەلی

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە-مەخمور/ بەشی کوردی
hikmatnamiq@gamil.com

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی چۆنایەتییە لەسەر لێکەوتەکانی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زانینی لێکەوتە نەرێنی و ئەرێنیەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەسەر گەنجان و تێڕوانینی باوان و پەرچەکردار و دروستی پرۆسەکەیە. شاری هەولێر کۆمەڵگای توێژینەوەیە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ئامرازی چاوپێکەتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهێنراوە نموونەی توێژینەوە لەم توێژینەوەدا لە جۆری نموونە وەرگرتنی مەبەستدارە کە لە ٤ چوار کەس: ٢ دوو کچ و ٢ دوو کوڕ پێک هاتوون و تەمەنیان لە سەرەتای بیست ساڵیدایە کە تێیدا هاوسەرگیرییان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام داوە. لەم توێژینەوەدا ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا پرۆسەی هاوسەگیری لە ڕوانگەی گەنجان هەر هاوسەرگیرییە ئینجا چی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت یان ڕێگای تر بێت ئەو شێوە تازەیەی هاوسەرگیری لای ئەوان لێکەوتەی ئەرێنی هەیە نەوەک نەرێنی، لەگەڵ تێڕوانینی پۆزەتیڤی باوان بۆ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە، هەروەها بەپێی وەڵامدانەوەی لێتوێژەران بێت پرۆسەی یەکترناسین و هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاوێکی ئەرێنییە و تێگەیشتن و گونجانی هاوسەرگیری لێ کەوتۆتەوە.

کلیلەوشە: بەدیجیتاڵکردن، گەنجان، هاوسەرگیری، هاوسەرگیری لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**پێشەکی**

هاوسەرگیری وەک دیاردەیەکی باوی ناو کۆمەڵگا لە سەردەمی ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، فۆڕمی جیا جیای وەرگرتووە، بە هۆی پێشڤەچوونە خێراکانی تەکنەلۆژیا و دنیای دیجیتاڵ و پەرەسەندنەکانی جیهانگیری و سەرمایەداری و بازار و پرۆژەکانی پۆست مۆدێرنە و بیرۆکە تازەگەرییەکانی جیهانی تەکنەلۆژیاوە بەگشتی، لەم سۆنگەیەوە هاوسەرگیری لە نێو گەنجاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە هاوشان لەگەڵ ئەوەش دامودەزگا کولتووری و ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ڕێژەیی لە کوردستانیشدا خەریکە دەسەڵاتیان لە دەست دەدەن، کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئامرازانەن کە باوان و دەوروبەر بە شێوەی نافەرمی تاک پێ دەگەیەنن بە پشت بەستن بە دابونەریتەکانی کۆمەڵگاوە، بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە واقعێکی دیکەی کۆمەڵایەتی تێیدا کۆمەڵگا بەگشتی پەیوەندیی هاوڕێیەتی دروست دەکەن بەتایبەتی لە نێو گەنجاندا ئەو پەیوەندییە زیاتر چالاکە و خۆی نمایش دەکات.

هاوسەرگیری دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەرە هەر وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و یاساییە ئەنجام دەدرێ بۆ مانەوەی کۆمەڵگا و وەچەخستنەوە و زیادبوونی دانیشتووان و ناسنامە و پێگەی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی خێزان، ئینجا بە شێوەی کلاسیکی بێت، یان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت.

سۆسیۆلۆجیستەکان پێمانجەدڵێن زاڵبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دنیای تەکنەلۆژیی و ئامرازەکانی، لاوازبوونی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی لێ کەوتۆتەوە، لێرەوە توێژەر دەیەوێ بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێ چۆن دنیای دیجیتاڵ و تەکنەلۆژی ڕەنگی داوەتەوە لە نێو کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی لە نێویشدا لە ناو توێژی گەنجاندا بۆ ئەوەی ئەو دنیایە بەکار بێنن نەک تەنیا بۆ بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەیان، بەڵکو بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیریش. پێکهاتەی توێژینەوەکە ئەم تەوەرانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ. تەوەرەی یەکەم، پێناسەی چەمکەکان و پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشووە، دووەم تەوەرە، میتۆدی چۆنایەتییە کە تێیدا توێژەر تایبەتمەندییەکانی ڕوون کردۆتەوە، تەوەرەی سێیەم توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە و جۆری نموونەی توێژینەوەکە و تەمەن و ئاستی خوێندەواری لێتوێژەرانی خستۆتە ڕوو، تەوەرەی چوارەم، ئامرازاکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان خراوەتە ڕوو، تەوەرەی پێنجەم و شەشەم، لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ڕوون کراوەتەوە تێیدا توێژەر شیکردنەوەی بۆ وەڵامی لێتوێژەران کردووە بەپێی پرسیار و کێشەی توێژینەوەکە.

**کێشەی توێژینەوە:**

بەدرێژایی سالانی ڕابردوو، جیهانی دیجیتاڵ و کۆمەڵ بەچڕی کارلێکیان لەگەڵ یەک کردووە، هەر ئەو پەیوەندییەش لە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە بەهۆی پەرەسەندنەکانی ژیانی مرۆڤ و بە ئۆنلاینکردنی کۆمەڵگا، خەریکە چیدی شوێنی کار و پەیوەندییە ڕووبەڕووەکان بەس نەبن بۆ دەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیان، بەڵکو هەر دوو ڕەگەز لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی گروپەکانی ماسینجەری فەیسبووک کە پلاتفۆرمێکی فەرمییە لە کوردستاندا هەوڵی دۆزینەوەی هاوبەشی ژیانیان دەدەن، ئەگەر چی هاوسەرگیریی گەنجان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی تازە نییە لە دنیای دەرەوە بە دیاریکراوی لە نێو کولتوور و کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەچڕی ئەنجام دەدرێ لە ڕێگای ئەو پلاتفۆرمانەی کە باون لە کۆمەڵگاکانیان بە دوای هاوسەرگیری دەگەڕێن، بەڵام لە کوردستاندا هێشتا نەبۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو لەبەر کۆمەڵێک فاکتەری کولتووری و ئایینی، بەڵام خەریکە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بەهۆی زیاد بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو سنوورەش تێ دەپەڕێنێت بۆ ئەوەی ڕێڕەوی خۆی بگرێت و ببێتە دیاردەیەکی بەربڵاو تێیدا ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە شوێنی هاوسەرگیریی کلاسیکی بگرێتەوە. گەڕان و دۆزینەوەی هاوبەش لە ڕێگای ئینتەرنێت لە کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکاندا هەمیشە کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنی

و کەلێنـی کۆمەڵایەتـی بـە دوای خـۆی جـێ دێڵـێ بـە هـۆی کەمیـی مەعریفـە و هۆشـیاریی مەمەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەو دیـاردە تازەیـەی کـە دنیـای مۆدێرنـە و پۆسـتمۆدێرنە لەگـەڵ خـۆی هێنایـە نـاو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، چونکـە بەئۆنلاینکردنـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـەک تەنیـا پرۆسـەی هاوسـەرگیری گرتۆتـەوە، بەڵکـو بـە شـێوەی ڕێژەیـی کـۆی کایەکانـی دیکەشـی گرتۆتـەوە، لێـرەدا ئـەو جـۆرە هەژموونـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لێکەوتـەی ئەرێنـی و نەرێنـی بـە سـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، جـێ دێڵـێ لـە نێویشـیدا پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێـو گەنجانـی کوردسـتاندا.

توێـژەر لـەم توێژینەوەیـەدا بـە دوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەگەڕێـت کـە بـە شـێوەی پرسـیار ئاراسـتەی لێتوێژەرانـی کـردووە، دیـارە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بوونەتـە ژیانێکـی دیکـەی واقیعـی، کاری کردۆتـە سـەر پرۆسـەی هاوسـەرگیری و فۆرمەکانـی دیکـەی ژیانـی کۆمەڵایەتـی، گرفتـی سـەرەکیی ئـەم توێژنەوەیـە لێکەوتەکانـی هاوسـەرگیریی گەنجانـە لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە بەهـۆی گـەڕان و زانینـی بۆچوونـی ئـەو هاوبەشـانەیە کـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێویشـیدا فەیسـبووک بـەکار دێنـن بـۆ دۆزینـەوەی هاوسـەرگیری و هاوبەشـی ژیانیـان. ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە ئەوروپـا و چەنـد وڵاتێکـی دیکـە ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات بەڵگەنەویسـتە، ڕاسـتە گەنجانـی ئـەوێ بـۆ چەندیـن جـۆری هاوڕێیەتـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـەکار دێنـن لـە نێویشـیدا هاوسـەگیری لـە ڕێـگای گرێبەسـتەوە، بـەڵام ئـەوەی کـە توێـژەر تێبینـی کـردووە هـەر وەک لـە تـەوەرەی شەشـەم هێـمای بـۆ کـردووە ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییەی کـە لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە ئەنجـام دەدرێ لـە کوردسـتاندا زۆرتـر بـە شـێوەی شـاراوەیە، واتـە دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتییـە بـە شـێوەی شـاراوە بەهـۆی دابونەریـت و کاردانـەوەی کۆمەڵـگا و شـەرم و توانجـەوە. ڕەنگـە لـە داهاتـووی دووردا ببێتـە دیاردەیەکـی بەربـڵاو بـە جۆرێـک شـوێنی هاوسـەرگیریی کلاسـیک بگرێتـەوە.

**پرسیاری توێژینەوە**

١- ئایـا هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان تـا چەنـد جێـگای ڕەزامەنـدی باوانـە؟

٢-لێکەوتە نەرێنی و ئەرێنییەکانی چین لای گەنجان ؟

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجـی توێـژەر لـەم توێژینەوەیـەدا ئەوەیـە کـە شـیکردنەوە بـۆیٔ ەوە بـکات کـە دوای ئەنجامدانـی پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان تـا چەنـد کاریگـەری و لێکەوتـەی نەرێنـی، یـان ئەرێنـی بـەدوای خـۆی جـێ دێڵـێ لـە نێـو ئـەو کەسـانەی کـە ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەنجـام دەدەن لەگـەڵ کاردانـەوەی بـاوان و ڕادەی دروسـتی دیـاردەی هاوسـەرگیریی گەنجـان لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە ڕووی تیۆرییـەوە خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـەوا پێویسـتە زیاتـر بایـەخ بـەم بابەتـە تازەیـەی نێـو دنیـای دیجیتـاڵ بـدرێ، چونکـە ڕێـژەی ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە هەڵکشـاندایە گەنجـان مومارەسـەی دەکـەن بـە ڕێـژەی جیـاواز و بەکارهێنانـی جیاوازیـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان گرنگییەکـی دیکـەی ئـەو توێژینەوەیـە ئەوەیـە کـە یەکەمیـن توێژینـەوەی چۆنایەتییـە ئەنجـام دراوە، دەرفەتێکـی گرنگـە لـە داهاتـوودا زیاتـر ئیشـی لەسـەر بکـرێ هـەم لـە ڕووی تیۆرییـەوە هـەم لـە ڕووی کردارییـەوە. دیـاردەی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کوردسـتاندا بـە شـێوەی شـاراوە ئەنجـام دەدرێ، لـە ڕێـگای توێژینـەوەی زیاتـر ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە ڕێـڕەوی خـۆی دەگـرێ و دەبێتـە دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی لـە لایـەن گەنجانـەوە بـە ئاشـکرا مومارەسـە دەکـرێ.

**تەوەرەی یەکەم**

**پێناسەی چەمکەکان و پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوو**

توێــژەر لــەم توێژینــەوەدا ئامانجــی ئەوەیــە لێکەوتــە نەرێنــی و ئەرێنییەکانــی هاوســەرگیری لــە ڕێــگای ئۆنلایــن لای گەنجــان شــی بکاتــەوە لەگــەڵ دروســتی ئــەو جــۆرە هاوســەرگیرییە و پەرچەکرداریــی بــاوان بەرانبــەر بــەو دیــاردە تازەیــە. لــەم توێژینەوەیــەدا هــەوڵ دراوە پێناســەی وردی هەنــدێ چەمکــی تایبــەت بــەو باســە بخرێتــە ڕوو بــۆ ئــەوەی یارمەتیــدەر بێــت لــە تێگەیشــتن و بەرچاوڕوونــی توێژینەوەکــە وەک بــە دیجیتاڵکــردن، گەنجــان، هاوســەرگیری، هاوســەرگیری لــە ڕێــگای تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان.

سۆســیۆلۆجیای گەنجــان وەک بەشــێکی گرنــگ و زینــدووی سۆســیۆلۆجیا پێــمان دەڵــێ کــە گەنجــان ڕۆڵێکــی گرنگیــان لــە کۆمەڵــگا هەیــە هەنــدێ ســەرچاوە ئامــاژە بــەوە دەکــەن کــە گەنجــان وردە کولتــووری کۆمەڵــگان بــەو مانایــەی لــە نێــو فــەزای کۆمەڵایەتییەکانــدا دەبنــە بەرهەمهێنــەری ئاینــدە و ئێســتای کۆمەڵــگا بەگشــتی. ئــەم جــۆرە کولتــوورەی گەنجــان زمــان و ســتایل و تایبەتمەندیــی ڕەفتــار و گوزارشــتکردن لــە خــود و نۆرمــی تایبــەت بــە خۆیــان هەیــە و پێــی دەناسرێنــەوە ((Оганян к.м.манько,2008 с.26. هەندێکــی دیکــە پێیــان وایــە کــە گەنجــان کۆمەڵێــک کــەس و توێــژن بــە هــۆی تایبەتمەندیــی تەمــەن جیــا دەکرێنــەوە پێیــان دەگوترێــت توێــژ و گروپــی کۆمەڵایەتــی لەســەر بنەمــای جووڵــە بــە شــێوەی بابەتــی لــە دوو توێــی دیمۆگرافــی و گروپەکانــی نــاو کۆمەڵــگا (В.и.чупров зубок,с.13.2013) لێــرەدا ئــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە گەنجــان توێژێکــی زینــدووی کۆمەڵــگان خــاوەن ئایدیــا و بیرۆکــەی تــازەن جیــا لــە گــروپ و توێژەکانــی دیکــەی کۆمەڵــگا، کۆمەڵنــاس و دەروونناســی بەریتانــی (ئــالان فرانــس) لــە توێژینەوەیەکــدا بــە ناوی(تێگەیشــتنی گەنجــان لــە دوای مۆدێرنــە) پێــی وایــە کــە گەنجــان نــاوازەن، چونکــە شــوێنی نەوەکانیــان دیــاری کــردووە لــە چوارچێــوەی کۆنتێکســتی مێژوویــی و کۆمەڵایەتیــدا ئەگــەر چینــەکان پەیوەنــدی بــە ئابــووری و هێــزی پێکهاتــەی کۆمەڵــگاوە هەبێــت ئــەوا لــە بەرانبــەردا نــەوەی گەنجــان پەیوەندیــی بــە کارلێکــی تاکەکانــەوە هەیــە لــە ڕووی بایۆگرافــی و شــوێنگەی کۆمەڵایەتییــەوە، بۆیــە ئــەو کۆمەڵناســە نــەوەی ئێســتای گەنجــان بــەراورد بــە نــەوەی پێشــتری گەنجــان بــە بەهــای جیــاواز و دیــدگای جیــاواز دەناســێنێ ((France alan,2007 p 43 -42.کەواتــە ئــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە گەنجــان نەوەیەکــی خودیــن و ســەربەخۆن بــەو مانایــەی کــە هــەر خۆیــان بڕیــار لەســەر چارەنووســی خۆیــان دەدەن و، هــەر خۆشــیان خــاوەن بڕیــارن لــە ســەردەمی ئێســتای کۆمەڵــگا، کــە بــە کۆمەڵــی دیجیتــاڵ و زاڵبوونــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان دەناسرێتــەوە.

ئــەو دنیــا دیجیتاڵــە وای لــە گەنجــان کــردووە کــە لــەو ڕێگایــەوە بتوانــن وێنــە و کار و ئەدرێــس و تایبەتمەندییــەکان و هۆگربوونیــان و حــەز و ئارەزوویــان هــەر وەک پیشــەی خۆیــان بــەکار بێنــن بــۆ دۆزینــەوەی هاوبەشــی ژیانیــان کــە ئەمــەش جووڵــە و نیشاندانی توانستە مەعریفییەکانی نــەوەی گەنجانــە بــۆ دەرچــوون لــە پرۆســە کلاســیکییەکانی هاوســەرگیری، هــەروەک دەرفەتێکــە بــۆ ئــەو گەنجانــەی کــە ناتوانــن بــە شــێوەی ڕووبــەڕوو، یــان لــە شــوێنی کاردا هاوبەشــی ژیانیــان دەستنیشــان بکــەن. مەبەســت لــە گەنــج لــەم توێژینــەوەدا ئــەو گەنجانــەن کــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بــەکار دێنــن بــۆ مەبەســتی هاوســەرگیریکردن، ئــەو گەنجانــە تەمەنیــان لــە ســەرەتای بیســت ساڵاندایە تییــدا توێــژەر چاوپێکەوتنــی لەگــەڵ کــردوون.

چەمکێکــی دیکــەی ئــەو توێژینەوەیــە بریتییــە لــە بەدیجیتاڵکردنــی ئــەو ئامــرازە ئەلیکترۆنییانەیــە کــە لــە ڕێــگای ئۆنلایــن کار دەکات و تــاک بــەکاری دەهێنێــت لــە نێــو پلاتفۆرمــە کۆمەڵایەتییەکانــی وەک فەیــس بــووک و تویتــەر و تیــک تــۆک و ڤایبــەر و هەمــوو ئــەو تــۆڕە کۆمەڵایەتییانــەی کــە مــرۆڤ و کۆمەڵــگا و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە ئــەو ئامــراز و پلاتفۆرمانــە کاریگەرییەکــی مەزنــی لــە ژیانــی مــرۆڤ کــرد، بۆیــە ئێمــە ئێســتا لــە ســەردەمی کۆمەڵــگای دیجیتــاڵ دەژیــن، زۆرێــک لــە سۆسیۆلۆجیســتەکان پێیــان وایــە کــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان هانــی ســەربەخۆیی خــود دەدات و دژی ترادیشــنەکانە لــە ســەرووی هەموویــان (مانــول کاســتل) وای دەبینــێ پێشــتر ترادیشــنەکان زیاتــر پەیوەندییەکــی پیاوســالارانەی هەبــوو، بــەڵام لەگــەڵ هاتنــی ئینتەرنێــت، تاکایەتــی گەشــەی

کرد(Kate Orton - Johnson,2013,p21). ئەگەرچی کۆمەڵناسە کلاسیکییەکان لە سەرووی هەموویانەوە (هێربەرت مید) پێی وایە کە پەیوەندیی ڕووبەڕوو شوێنێکی گرنگی هەیە لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو جۆرە کارلێکردنە هێماگەرییە لەگەڵ ئەویتر لای(مید) هەر لە منداڵییەوە بەرجەستە کراوە بە شێوەیەک لە ناوەخندا دیالۆگ لەگەڵ یەکتر دروست دەکات (هەمان سەرچاوە، ل ١٥)

لێرەدا بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و بە کۆمەڵایەتیکردنی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بوونە هۆی گۆڕانکاریکردن لە فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مانایەکی دیکە ئەو پەیوەندییە هێماگەرییە و ڕووبەڕووەی لاواز کرد، لە بەرانبەردا تاکایەتی و پەیوەندیی ئینتیمسی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست بوون بە ئاراستەی سەربەخۆیی خود و گەڕان بە دوای هاوبەشی ژیان، ئەگەرچی بەژمارەکردن و بەدیجیتاڵکردنی کۆمەڵگا و بەکارهێنانی چڕی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی لە نێو پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دێڵێ.

هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دیارە هاوسەرگیری، دیاردەیەکی تەواو جیهانییە، ئامانجی سەرەکی هاوسەرگیری بریتییە لە پێکهینانی خێزان و منداڵ خستنەوە دوورتر لەمەش دروستکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، هەروەها هاوسەرگیری لە زۆربەی کۆمەڵگاکان وەک وەزیفە لێک دەدرێتەوە بە مەبەستی بەهێزکردنی ناو و ناوبانگی(Goodwin, robin,1999 , p 75.) گومانی تێدا نییە کۆمەڵگا بە ڕێژەی جیاواز هەموو جۆرەکانی هاوسەرگیری تێدا بوونی هەیە لە نێویشیدا کۆمەڵی کوردی، بەڵام ئەوەی توێژەر کاری لەسەر کردووە هاوسەگیری گەنجانە لە ڕیگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش بە تاک هاوسەرگیری دەناسرێتەوە، ئەگەر چی کۆمەڵی کوردی هێشتا دەستبەرداری فرەهاوسەرگیری و جۆرەکانی دیکەی هاوسەرگیری نەبووە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیا و هەژمونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی هۆشیاریی ڕێژەکەی بەراورد بە جاران کەمی کردووە.

توێژەران (ولیام دوتۆن و ئیلێن هیلسپێر) لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (ڕۆڵی ئینتەرنێت لە دووبارە ڕێکخستنەوەی هاوسەرگیریدا) ئەو توێژەرانە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییان بەکار هێناوە لە وڵاتانی ئوستراليا و ئیسپانیا و بەریتانیا جێبەجێیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە یەکترناسینی هاوبەشی ژیانیان ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بە شێوەی ئەرینی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی ژیانی هاوسەرگیری، ئەو توێژەرانە بۆیان دەرکەوتووە لە کۆی هەر بیست هاوسەر یەکیان بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئۆنلاینەوە یەکتریان ناسیوە دواتر هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، هەروەها توێژەران سەمپل و نموونەی ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیرییان کردووە لە نێوان تەمەنی ٢٦ بۆ ٥٥ ساڵیە، بەڵام ڕێژەی باوی هاوسەرگیری لە ڕوانگەی ئەو توێژەرانە زیاتر لە نێو گەنجاندایە، بەڵام زۆرێک لە هاوسەرەکان لە هەموو تەمەنێکدا بە شێوەی ئۆنلاین یەکتریان ناسیوە، دواتر هاوسەرگیرییان کردووە توێژەران ئەوەیان سەلماندووە کە هاوسەرگیری لە ڕێگای پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییە فەرمییە باوەکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا گەنجان سەربەخۆییانە هاوسەرگیرییەکی تەندروست و ئەرێنییان ئەنجام داوە، چونکە بەڕای ئەو توێژەرانە، فەزای ئەلیکترۆنی ئەو گۆڕەپانە یۆتۆپیایە نییە وەک ئەوەی هەندێک وێنایان کردووە، بەڵکو شوێنی پێکگەیشتنی مرۆڤەکانە لە هەمان کاتدا هەر دوو توێژەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دوو ڕەهەندی لێکدانەوە و تێگەیشتنی دروست کردووە لای بەکارهێنەرانی بەمەبەستی گەڕان بە دوای هاوسەگیری و یەکترناسین، هەندێکیان بە ناپەسەندی دەزانن، چونکە پێیان وایە کە گونجاو نییە لە ژووری چات و ئۆنلاینەوە ئەو پەیوەندییە هاوسەگیرییە دروست بکەی، هەندێکی دیکە پێیان وایە شوێنێکی تەواو گونجاوە و ئەرێنییە، کەوابێ ئەو توێژەرانە پێمان دەڵێن کە هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەم لێکەوتەی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەیە لای بەکاربەران و ئەوانەی بە دوای ئەو پرسەن بۆ مەبەستی دۆزینەوەی هاوبەشی ژیانیان لە ڕێگای تۆڕەکانی ئۆنلاینەوە (Dutton,

(William, p, 3-15).توێژەرێکـی دیکـە (ژونیاگویـۆ) لـە وڵاتـی چیـن توێژینەوەیەکـی ئەنجـام داوە بـە ناوی(پەیوەندیـی نێـوان ئینتەرنێـت و بڕیـاری هاوسـەرگیری) تێیـدا گەیشـتۆتە ئـەو ئەنجامـەی کـە نـەوەی گەنجـان زیاتـر پەیوەسـتن بـە ئینتەرنێتـەوە هـەر لـەم ڕێگایـەوە هاوسـەرگیری ئەنجـام دەدەن بەرگـری لـە دنیـای دیجیتـەڵ دەکـەن بـۆ دۆزینـەوەی هاوبەشـی ژیانیـان بـە شـێوەی ئەرێنـی و نەرێنـی کاریگـەری لەسـەر ژیانـی هاوسـەرگیریان دروسـت کـردووە (Guo, Junyi, 2020 p 270).

**تەوەرەی دووەم**

**میتۆدی چۆنایەتی**

دەشـێ هەمـوو توێژینەوەیەکـی ئەکادیمـی بـۆ مەبەسـتی تێگەیشـتن و شـیکردنەوەی زانیارییەکانـی سـەبارەت بـە هەرچـی دیـاردە و کێشـەی کۆمەڵایەتییـە زیاتـر لـە میتۆدێـک بـەکار بهێنیـت واتـە فرەمیتـۆد بـەکار بێنێـت بـە مەبەسـتی بەرچاوڕوونـی زیاتـری باسـەکە و شـیکردنەوەی زیاتـری توێژینەوەکـە، بـەڵام توێـژەر لەبـەر کەمیـی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ مەبەسـتی دۆزینـەوەی هاوسـەرگیری و هاوبەشـی ژیـان، میتـۆدی چۆنایەتـی بـەکار هێنـاوە بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری لەبـارەی ئـەو بابەتـە تازەیـەی کـە لـە دنیـای دەرەوە بووەتـە کولتـوور، بـەڵام هێشـتا لـە کوردسـتان تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان نەبوونەتـە ئامرازێـک بـۆ گـەڕان بـەدوای ئـەو پرۆسـەیە. میتـۆدی چۆنایەتـی بەپێـی کۆمەڵناسـان زیاتـر کار لەسـەر شـیکردنەوە و وەسـفکردنی ڕەفتـاری مـرۆڤ و چیرۆکـی مرۆڤـەکان لەگـەڵ تێبینیکـردن و سـەرنجدان لەکاتـی کارلێککـردن لەگـەڵ لێتوێـژەران ،لێـرەدا میتـۆدی چۆنایەتـی مامەڵـە لەگـەڵ گوتـە و وشـە دەکات لەگـەڵ سـەرنج و بینینەکانـی توێـژەر لـە شـێوەی دیکۆمێنـت و وێنـە و گفتوگـۆ و ریکـۆرد و چاوپێکەوتـن.

لێـرەوە ڕۆڵـی قووڵـی توێـژەر دەردەکـەوێ لـە میانـەی توێژینـەوە لـە گـروپ و لێتوێـژەران و ئـەو کێشـانەی کـە خـودی توێـژەر لـە کێشـەی لێکۆڵینەوەکـە ئاراسـتەی کـردوون وەک (ئـالان بیرمـان) دەڵـێ: سـەرنج و تێبینیـی قووڵـی توێـژەرە لەبـارەی شـیکردنەوەی ئەنجامـاکان و ئـەو زانیارییانـەی کـە توێـژەر بـە دەسـتی دێنێـت.

یەکێـک لـە خەسـڵەتەکانی میتـۆدی چۆنایەتـی تێبینیکـردن وشـیکردنەوەی ڕای لێتوێژەرانـە، بۆیـە ئـەو توێژینەوەیـە ئامـاری تێیـدا بـەکار نەهاتـووە بـە مانایەکـی دیکـە لەبـەر نەریتـی کۆمەڵایەتـی و شـەرمە و توانجـی کۆمەڵـگا و کەمیـی ڕێژەکـەی بەئاشـکرا و نەبوونـی ئامادەگـی لێتوێـژەران توێـژەر کاری لەسـەر میتـۆدی چۆنایەتـی کـردووە. بەپێـی بۆچوونـی کۆمەڵناسـان و ئەوانـەی کار لەسـەر میتـۆدی چۆنایەتـی دەکـەن بۆچوونـی لێتوێـژەران و سـەرنجی توێـژەران بەسـن بـۆ زانیـن و کاردانـەوەی بـاوان لەبـارەی ئـەو پرسـە هـەروەک لـە تـەوەرەی پێنجەمـدا توێـژەر ئـەوەی ڕوون کردۆتـەوە و بۆچوونـی بـاوان وەرگیـراوە لـە دوو توێـی پرسـیارکردنی توێـژەر و وەڵامـی لێتوێژەرانـدا.

**تەوەرەی سێیەم**

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە و جۆری نموونەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵـگای توێژینـەوە شـاری هەولێـرە، کۆمەڵـگای توێژینـەوە بریتییـە لەوکۆمەڵگایـەی کـە توێـژەر بەگوێـرەی بابەتـی توێژینەوەکـەی دەستنیشـانی دەکات کـە دەشـێ گروپێـک، یـان چەنـد کەسـێک وەربگرێـت بەپێـی جـۆر و کێشـەی توێژینەوەکـەی، دواتـر نموونـەی وەرگیـراو توانـای نوێنەرایەتـی کۆمەڵـگای توێژینەوەکـەی دەبێـت، ئـەو کەسـانەی کـە بـە شـێوەی خۆبەخـش بەشـدارییان لـەم توێژینەوەیـە کـردووە ژمارەیـان ٤ چـوار کەسـە دووانیـان کـچ بـوون دووانەکـەی تـر کـوڕ بـوون تەمەنیـان لـە سـەرەتای بیسـت سـاڵەکان بـوون، سـنووری توێژینەوەکـە لـە نـاو شـاری هەولێـر بـوو، ئـەو ٤ چـوار گەنجـە لـە ڕێـگای تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیـس بـووک پرۆسـەی هاوسـەرگیریان ئەنجـام داوە بەشـداربووانی ئـەم توێژینـەوە پێشـینەی جیاوازییـان هەبـوو وەک ئاسـتی خوێنـدەواری و تەمـەن، تەمەنـی دووانیـان ٢١ سـاڵ ڕەگـەزی کچەکـە و ٢٣ سـاڵ کورەکـە و دەرچـووی پەیمانـگان تەمەنـی دوانەکـەی تـر لـە لێتوێـژەران ٢٣ سـاڵ کچەکـە، کوڕەکـەش ٢٦ سـاڵ هەردووکیـان دەرچـووی زانکـۆن، جـۆری نموونـەی بەکارهاتـوو بریتییـە لـە نموونـەی مەبەسـتدار لـە میتـۆدی چۆنایەتیـدا وەک لـە کێشـەی توێژینەوەکـە ڕوون کراوەتـەوە

لە لایەن توێـژەرەوە بـەو مانایـەی کـە بابەتـی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان هێشـتا نەبۆتـە دیـاردە بـە شـێوەی ئاشـکرا لـە کوردسـتاندا، بۆیـە توێـژەر بـە شـێوەی مەبەسـتدار ئـەو کەسـانەی هەڵبـژاردووە کـە زۆرتریـن زانیارییـان لـەم بارەیـەوە هەیـە، چونکـە خـودی ئـەو لێتوێژەرانـە بـە ئەزموونـی ئـەم پرۆسـەیەدا تێپەڕیـون.

**تەوەرەی چوارەم**

**کۆکردنەوەی داتا**

**چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو**

یەکێـک لـە گرنگتریـن و باشـترین ڕێگاکانـی کۆکردنـەوەی زانیـاری لـە توێژینـەوەی میتـۆدی چۆنایەتـی بـە مەبەسـتی تێگەیشـتن لـە بیـروڕای لێتوێـژەران، بریتییـە لـە چاوپێکەوتـن، هەنـدێ لـە توێژەرانـی بـواری سۆسـیۆلۆجیا پێیـان وایـە لـە ڕێـگای چاوپێکەوتـن بۆچوونـی تاکـەکان بەدەسـت دەهێنرێـت بەتایبەتـی لەکاتـی جووڵـە و گفتوگـۆ و قسـەکردنیان، بۆیـە ئـەو توێژینەوەیـە چاوپێکەوتنـی نیمچـە ڕێکخـراوی تێـدا بـەکار هاتـووە لـە نێویشـیدا بیـروڕای لێتوێـژەران شـی کراوەتـەوە و هەڵسـەنگێنراوە بـە ئاراسـتەکردنی کۆمەڵێـک پرسـیار بەپێـی گرفـت و کێشـەی توێژینەوەکـە لـەو کەسـانە کـراوە کـە هاوسـەرگیریان لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ئەنجـام داوە.

**خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان**

ئامانجـی ئـەم بەشـە ئەوەیـە ئـەو ئەنجامانـەی لـەم بەشـەدا بەدەسـت هاتـوون بخرێنـە ڕوو و گفتوگۆیـان لەسـەر بکرێـت، بـە مانایەکـی دیکـە پیشـاندانی ئـەو ئەنجامانەیـە کـە لـە چاوپێکەوتنـی نیمچـە ڕێکخـراو بەدەسـت هاتـوون، هەروەهـا ئەنجامـەکان لەچەنـد تەوەرەیەکـدا دەخرێنـە ڕوو، کـە توێـژەر بـە سـەرنجدانی قووڵـی لێتوێـژەران و ئـەو پرسـیارانەی کـە بـە شـێوەی نیمچـە ڕێکخـراو ئاراسـتەی ئـەو کەسـانەی کـردووە کـە بـە پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە تێپەڕیـون لـە دوو توێـی ئـەو پرسـیارانەی کـە ئاراسـتەی کـردوون زانیارییـەکان دەخاتـە ڕوو، دواتـر بەپێـی وەڵامـی لێتوێـژەران شـییان دەکاتـەوە. تـەوەرەی پێنجـەم بریتییـە لـە تـا چەنـد هاوسـەرگیری گەنجـان لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان جێـگای ڕەزامەنـدی و ناڕازیبوونـی باوانـە و لێکەوتەکانـی چیـن وەک لـە تـەوەرەی دووەم لـە لایـەن توێـژەرەوە ڕوون کراوەتـەوە. تـەوەرەی شەشـەم، لـە لێکەوتـە نەرێنـی و ئەرێنییەکانـی دوای پرۆسـەی هاوسـەرگیری پێکدێـت لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە.

**تەوەرەی پێنجەم**

هاوسـەرگیری گەنجـان لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و تێڕوانینـی بـاوان بـۆ ئـەم پرسـە هـەر وەک لـە کێشـەی توێژینەوەکـە ئامـاژەی بـۆ کـراوە هـەر ئـەو پرسـیارە دەبێتـە هـۆی گەنگەشـەکردنی توێـژەر و وەڵامـی بەدەسـتهاتووی لێتوێـژەران، یەکێـک لـە لێکەوتـە باوەکانـی پرۆسـەی هاوسـەرگیری گەنجـان لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، هەبوونـی پەرچەکـرداری باوانـە لـەم بارەیـەوە، چونکـە بـە هـۆی تـازە سـەرهەڵدانی ئـەو دیاردەیـە لەنـاو کۆمەڵـی کوردیـدا ئاسـان نییـە دایـک و بـاوک و کەسـوکاری کـچ و کوڕەکـە ڕازی بـن ئازادیـی هەڵبـژاردن بـە نەوەکانیـان بـدەن، بۆیـە هـەروەک (ئێلریـش بێـک) ئامـاژەی بـەوە کـردووە هاوسـەرگیری نەریتـی قۆناغـی زێڕیـن بـوو، بـەڵام هاوسـەرگیری لـە سـەردەمی دنیـای دیجیتاڵـدا فۆرمـی جیاجیـای وەرگرتـووە، بۆیـە تێڕوانینـی خزمـان و کەسـوکاری پارتنـەرەکان پـڕ بـووە لـە گومـان و ڕاڕایـی بـۆ ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییەی کـە هێشـتا نەبووەتـە دیـاردەی کۆمەڵایەتـی هەمیشـە وەک شـەرم و نەنگییـەک سـەیر دەکـرێ لەبـەر پێگـە و ناوبانگـی بـاوان لـە هەمـان کاتـدا ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە نێـو کولتـووری کۆمەڵـگای کوردیـدا هێشـتا وەک کردەوەیەکـی ئاسـایی سـەیر ناکـرێ، بۆیـە بـاوان و کەسـوکار جۆرێـک لـە پارێزەریـان هەیـە لەبەرانبـەر پرۆسـەکە لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵاتییەکانـەوە نەوەکانیـان بچنـە ژیانێکـی تـازەوە.

یەکێـک لـە بەشـداربووانی تەوەرەکـە لـە وەڵامـدا دەڵـێ: سـەرەتا کـە یەکترمـان ناسـی لـە تـۆری کۆمەڵایەتیـی فەیـس بـووک لـە ڕێـگای گرووپـی چاتـەوە بـوو، سـەرەتا بـە خوێندنـەوەی کۆمێنتەکانـی یەکتر و لایککردنـەوە بـوو، دواتـر بـووە ناردنـی ئادکردنـی یەکتر و هـاوڕێ هـەر ئـەو وەرگرتنـی

هاوڕێیەتییـەی نـاو تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک بـووە هـۆی پەرەسـەندنی جـۆری هاوڕێیەتـی و دواتـر هاوسـەرگیری لـێ کەوتـەوە، هەرچەنـد سـەرەتای پەیوەندییەکەمـان بـە ناخۆشـی و سـاردی و نەبوونـی متمانـەوە دەسـتی پـێ کـرد، ئـەوە گوتـەی یەکێـک لـە بەشـداربووانە، لێـرەدا نەبوونـی متمانـە یەکێکـە لـە تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتی دیـاری بەکاربەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، دەبێتـە خاڵـی سـەرەتای یەکترناسـینی هاوبەشـەکان، بـەڵام بـە گوتـەی ئـەو کچـە ئـەو پەیوەندییـە هەسـتیارییە بـووە هاوڕێیەتـی و متمانەبەخشـینی نێوانمـان، ئـەو لێتوێژەرانـە هـەر یەکەیـان لـە گـەڕەک و شـوێنێکی جیاوازیـی هەولێـر نیشـتەجێن تەمەنیـان نزیـک لـە یەکـە، دوای هاوڕێیەتـی پەیوەندییەکانیـان گـۆڕا بـۆ خۆشەویسـتی کـە نزیکـەی پێنـج سـاڵی خایانـد، ئـەوان دەڵێـن لـەم ماوەیـەدا تـەواو شـارەزای یەکـتر بوویـن، دواتـر چەنـد جارێـک لـەم ماوەیـەدا بـە نهێنـی یەکترمـان بینـی لەبـەر کاردانـەوەی بـاوان و کەسـوکار، دواتـر، ئـەو پەیوەندییـە بـووە هاوسـەرگیریی سـەرەتا کـە کوڕەکـە هاتـە داوام دایـک و بـاوک و کەسـوکارم ڕازی نەبـوون بـۆ مـاوەی حـەوت مانـگ هەمیشـە بەهانـە و کێشـەیان بـۆ دروسـت دەکردیـن و ڕێگریـان دەکـرد بـە بیانـووی ئـەوەی ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە نامۆیـە و بـە شـەرم و عەیبـە بۆمـان دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئێمـە هـەر سـوور بوویـن لەسـەر ئـەو هاوسـەرگیرییە، دواتـر توانیـمان بـاوەڕ بـە کەسـوکارمان بێنیـن بـە مکوڕبوونـی خۆمـان لەسـەر پرۆسـەکە، لێـرەوە ڕەزامەنـدی بـاوان بـە پرۆسـەکە ئـەوە دەردەخـات کـەوا نیـەت و خواسـتی نەوەکانیـان جـدوی بـووە نـەک فەیـک و سـاختەکردن لەسـەر ئەنجامدانـی هاوسـەرگیرییەکە، بۆیـە گەیشـتنە بـاوەڕ و متمانبەخشـین بـە نەوەکانیـان هـەر وەک ئـەو ڕازیبـون و متمانەبەخشـینە دەرخـەری ئەوەیـە کـە بـاوان هـاوکار و یارمەتیـدەری پرۆسـەکە بـوون لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاوان ئیـدی لـەوە گەیشـتوون تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ڕووبەرێکـی فراوانـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانیـان داگیـر کـردووە هەرلـەم ڕێگایەشـەوە گەنجـان هاوسـەرگیری ئەنجـام دەدەن، ئـەو بەشـداربووە پێـی وایـە کـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان تەنیـا لایەنـی نەرێنـی نییـە، وەک هەنـدێ کـەس لێـی دەڕوانـن، بەڵکـو ڕەهەنـدی ئەرێنیشـی بەخشیوەتە مـرۆڤ بـۆ کاری چاکـە وەکـو هاوسـەرگیری و پێکشـادبوون و ناسـاندنی هاوبەشـەکانی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، لێـرەدا سـووربوونی ئـەو دوو گەنجـە بـۆ هاوسـەرگیریی دەربـڕ و سـەلماندنی گوتـەی (ئـالان فرانـس) دووپـات دەکەنـەوە بـەوەی کـە گەنجـان لەئێسـتادا خـاوەن بڕیـاری خودیـن چیـدی بـاوان ناتوانـن ئاراسـتەیان بکـەن و بەگوێـرەی بۆچوونەکانـی ئـەوان جووڵـە بکـەن، بەڵکـو گەنجـان ئـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتیانـە بـەکار دێنـن وەک سـەکۆیەک بـۆ گـەڕان بـە دوای دڵخـوازی خۆیـان، لێـرەوە دنیـای دیجیتـاڵ و پلاتفۆرمـە کۆمەڵایەتییـەکان توانسـتی گەنجـان نیشـان دەدەن لـە سـەرکەوتنی پرۆسـەی هاوسـەرگیری لـە ڕێـگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان هـەروەک وزە و تواناکانـی گەنـج دەردەخـات بڕیـاری خـودی بـدەن بەبـێ ئـەوەی پەرچەکـرداری ئەوانـی دیکـە کاریـان تـێ بـکات وەک(ئەنـدی فۆرلۆنـگ) دەڵـێ: گەنجانـی ئێسـتا خۆیـان چارەنووسـی خۆیـان دیـار دەکـەن.

لـە وەڵامـی پرسـیاری ئـەوەی لێکەوتـە نەرێنییەکانـی ئـەو جـۆرە هاوسـەرگیرییە بەشـداربووی سـێیەم و چـوارەم پێیـان وایـە بەپێچەوانـەوە ئێمـە نزیکـەی سـێ مانـگ دەبێـت هاوسـەرگیریمان کـردووە لـە ڕێـگای تـۆری کۆمەڵایەتـی فەیـس بـووک یەکترمـان ناسـی زۆر بەختەوەریـن و هاوسـەرگیرییەکی ئەوپـەڕی تەندروسـتمان لەگـەڵ یەکـتر ئەنجـام داوە تائێسـتا لـە نێوانمـان هیـچ کێشـەیەکی خێزانیـمان نەهاتۆتـە پێـش لەگـەڵ یەکـتر دەگونجێیـن وەک دوو هاوسـەر، هەرچەنـد کاردانـەوەی باوانمـان سـەرەتا نەرێنـی بـوو، بـەڵام توانیـمان ئـەو کۆسـپە تێپەڕێنیـن. کەوابـێ بەپێـی وەڵامـی هـەر دوو بەشـداربووی یەکـەم بێـت ئینتەرنێـت و دنیـای پلاتفۆرمـەکان وەک هـەر دوو توێـژەر (ولیـام دوتـۆن و ئیلێـن هیلسـپێ) ئاماژەی بـۆ دەکـەن فـەزای ئەلیکترۆنـی شـوێنی پێکگەیشـتنی هاوبەشـەکانە نـەک یۆتۆپیـا، لێـرەوە واقیعێکـی کۆمەڵایەتـی دیکـەی کۆمەڵایەتـی هەیـە دەشـێ گەنجـان سـوودی لـێ وەرگـرن بـۆ یەکرناسـین و هاوسـەرگیری، ئەویـش بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـە بـە شـێوەی دروسـت.

لەوەڵامـی پرسـیاری دوای پرۆسـەی هاوسـەرگیرییەکە تووشـی کێشـە و گرفتـی هاوسـەرگیری بـوون، هـەر دوو هاوبەشـەکە پێیـان وایـە دوای تێپەڕینـی سـێ مانـگ بەسـەر

پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستا زۆر بە ئاسودەیی دەژین و هیچ ساردییەک، یان کەلێنێک نەکەوتۆتە نێوانیان، بەگوێرەی ئەو وەڵامە بێت هاوسەرگیری لە ڕێگای ئۆنلاین تێپەڕاندنی سنووری هاوسەرگیریی کلاسیکی ڕووبەڕووە، یان هاوسەرگیریی کلاسیکییە کە بە هۆی باوانەوە، یان لە ڕێگای کارەوە، یان هەر ڕێگایەکی دیکە بێت کە تا ئێستاش لە ناو کۆمەڵی کوردی هەژموونی هەیە. لێرەوە هەمان گوتەی(مانوێل کاستل) و کۆمەڵناسەکانی دیکەی ڕووس دووپات دەکەنەوە بەوەی گۆڕەپانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی بەیەکترگەیشتن و سەربەخۆیی خودی و تاکایەتییە بۆ بەدەستهێنان و پەیداکردنی هاوبەشی ژیان هەر وەک گەنجان وەک چۆن ستایل و نۆرمی تایبەت بە خۆیان هەیە هەوڵ ەدەن بیکەنە جووڵە و کردار بەتایبەتی کاتێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دێنن تێیدا ئامانج و خواستیان ئەوەیە ئەو جۆرە ستایل و شێوازە بەرجەستە بکەن لە نێو پرۆسەی گەڕان بە دوای هاوسەرگیری و پەیداکردنی هاوڕێ و یەکترناسینی هەردوو ڕەگەز دواتر هەر ئەو یەکترناسینە پەرە پێ دەدەن بە مەبەستی شارەزابوونی زیاتری نێوانیان و گۆڕان بۆ خۆشەویستی و دواجار هاوسەرگیری لێ دەکەوێتەوە.

**تەوەرەی شەشەم**

**لێکەوتە نەرێنی و ئەرێنییەکانی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

ئەگەرچی هاوسەرگیری بەگشتی لە نێو ژیانی هاوسەراندا بێ گرفت و کێشەی ئابووری و نەگونجاندن و جیاوازی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و جیاوازی بیرکردنەوە و جیاوازیی چینایەتی و کەلێنی تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تێ ناپەڕێت بەتایبەتی لەناو جەنجاڵی ژیانی سەرمایەداری و لاوازبوونی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە ئاینی و کولتوورییەکاندا، بەڵام ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەی کە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێ بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێ ببێتە دیاردەیەکی باو هاوشێوەی جۆرەکانی دیکەی هاوسەرگیری هەمدیسان بێ گرفت و کێشە تێپەڕ نابێ، هەرچەندە ئاماژە و بەڵگەنەویستەکانی ئەو توێژینەوەیە دەریخستوە کە هاوسەرگیریی گەنجان لەم ڕێگایەوە پۆزەتیفە و لێکەوتەی باشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام بەپێی گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ لێتوێژەران هێشتا ئاماژە بنەڕەتییەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەرنەکەوتوون بەهۆی کەمیی ڕێژەکەی و سەرهەڵدانی بە شێوەی ئاشکرا بەپێی هەلومەرج و شوێن و کات و ماوەی درێژی هاوسەگیرییەکە، ڕەنگە پرۆسەکە ڕێڕەوی خۆی وەک جۆرەکانی دیکەی هاوسەرگیری وەرگرێت، چونکە بەڕای توێژەر دنیای دیجیتاڵ مەترسی و نائومێدییەکی زۆر لە نێو گەنجانی کورد دروست دەکات، گەنجانی دیجیتاڵ لە ئێستادا لە نێوان مەترسی و دەرفەتەکاندا ژیان گوزەر دەکەن، بۆیە سەرەتاکانی ئەو جۆرە هاوسەگیرییە جۆرێک لە ئالنگاری و ڕووبەڕووبونەوەی تێدایە لای گەنجان هەر ئەو هۆکارانەشە وایان کردووە کۆمەڵی کوردی لە ئێستادا بە شێوەی ڕێژەیەکی زۆر هاوسەرگیری بە شێوەی کلاسیکی و ڕووبەڕوو یان لە شوێنی کاردا، یان ئەوەی باوە لە ناو کۆمەڵگادا پێ پەسەندتر بێت لە بەرانبەر هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە تازەیە نەرێنییە وەک ئەوەی پۆزەتیڤ بێت، خەڵک بە شێوەی گشتی پێیان وایە کە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لاساییکردنەوەی کولتووری ئەوروپایە پێچەوانەی هەندێ نەریتی باوی هەستی گشتییە، هەرچەندە لە دنیای دەرەوەش ئەو جۆرە بەپیرەوەچوونە بۆ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لای هەندێ کەس پەسەندە لای هەندێکی دیکە بەپێچەوانەوەیە هەر وەک هەر دوو توێژەران(ولیام دوتۆن و ئیلێن هیلسپێر) ئاماژەیان بۆ کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەو فۆرمە هاوسەرگیرییەی، کە ئینتەرنێت و دنیای تازەی تەکنەلۆژی هێنایە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە لە دنیای دەرەوە بووەتە دیاردەیەکی باو کە لەناو گەنجاندا مومارەسە دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی بەدەریش نییە لە مەترسی و کێشە، لە ژێر ئەم ڕۆشنایەدا کۆمەڵی کوردی بەڕێژەی زۆر هاوسەرگیری لەم ڕێگایەوە هەمیشە بە نەنگی و نێگەتیڤ سەیر دەکات،

ڕەنگە فاکتەری زەمەن و کات گرنگ بێت بۆ دەرخستن و ئاشکرابوونی مەترسییەکانی ئەو پرۆسەیە، چونکە گەنجان ڕووبەڕووی مەترسی و فەیک و ساختەکردن و لێکەوتەکانی دنیای دجیتاڵ بوونەتەوە بەدرێژایی ماوەی بەدیجتاڵکردنی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان و بچووکبوونەوەی دنیا و هەژموونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کاریگەری بە سەر توێژی گەنجانەوە بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە خواستی گەڕانیان هەیە بۆ هاوسەرگیری لە ڕێگای ئەو پلاتفۆرمانەی کە زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە لە نموونەی پلاتفۆرمی فەیس بووک و گروپەکانی یەکتر ناسین لە کوردستاندا، بۆیە هەمیشە لەم نێوەندەدا باوان نیگەرانی نەوەکانیانن لەکاتی مومارەسەکردنی دنیای ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەشداربووانی سێیەم و چوارەم لە پرسیاری ئەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی پرۆسەی هاوسەگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین؟ بەو پێیەی کە نزیکەی سێ ساڵی خایاند لەم ماوەیەدا ئەوەی کە پەیوەندیی بە بەرپرسیارییەکی ژن و مێردەوە هەبێت تائێستا بەجێمان گەیاندووە ئەوەی لایەنی نەرێنی بوو لای ئێمە کاردانەوەی توندی باوان و کەسوکارمان بوو لەسەرەتای یەکتر ناسینماندا دواتر بەرەبەرە ئەو یەکتر ناسینە بووە هۆی هاوسەرگیری ڕەوینەوەی کاردانەوەی باوان و کەسوکار بە هۆی تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ پرسەکە توانیمان باوەڕ بە کەسوکارمان بێنین، بەپێی گوتە و ئاخاوتنی لێتوێژەران بێت کاردانەوەی باوان بەشێکیان پەیوەندی بە ڕێگای دۆزینەوەی هاوسەرگیرییەکەوە هەیە ئەوە لەکاتێکدا کاردانەوەکانی تر پەیوەندیی بە فاکتەری کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و خێڵەکییەوە هەبوو.

هەمان بەشداربوو ئاماژە بەوە دەکات کە هاوشێوەی ڕێگاکانی دیکەی هاوسەرگیری ڕێوڕەسمی هاوسەرگیرییمان ئەنجام داوە تەنیا شێوازی یەکترناسینمان لە ڕێگای فەیس بووکەوە بووە، بەڵام ڕێوڕەسمی هاوسەرگیرییەکە هەمان شێوەی کۆمەڵگا بووە، لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو جۆرە هاوسەگیرییە کۆک و تەبایە لەگەڵ دابونەریتەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردی پێمان دەڵێت کە تەنیا شێوەی دۆزینەوەکەی مۆدێرنە و جیاوازترە، سەبارەت بە لێکەوتە ئەرێنییەکانی ئەو فۆرمەی هاوسەرگیرییە بەشداربووی سێیەم و چوارەم پێیان وایە کە گرنگ یەک شتە ئەویش گونجاندن و لێکتێگەیشتنە لەگەڵ یەکتر، گرنگ نییە چۆن یەکترمان ناسیوە. بەم پێیە هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیس بووک لای بەشداربووان دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ ژیانی هاوسەرگیریی گەنجان لێرەوە گەنجانی کورد بە شێوەی ڕێژەیی ئەو پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییانە بەکار دێنن بۆ کاری جددی و سوودبەخش و چارەنووسساز نەک بەسەربردنی کاتی بەتاڵ، هەر وەک چۆن لە دنیای دەرەوە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی دنیای دیجیتاڵ بوونەتە سەکۆیەک بۆ یەکترناسین و دۆزینەوەی هاوبەشی ژیان، خەریکە لێرەش گەنجان هەنگاو دەنێن بۆ گۆڕینی لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە. وەک بەشداربووی سێیەم و چوارەم دەڵێن لە هەولێر چەندین کەس هەیە هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیس بووک و گروپەکانەوە کردووە پێیان وایە بۆتە دیاردە، بەڵام کەس دەرنیاخات بەنهێنی ماوەتەوە ئامادە نین چاوپێکەوتن بکەن و ئاشکرای بکەن لەبەر توانج و شەرمە و کاردانەوەی کۆمەڵگا، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە توێژەر چەندین هەوڵی دا تاوەکو زانیاری بەدەست بهێنێ، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر ئینجا چوار کەیسی دەست کەوت. بەشداربووان وای دەبینن هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکی دیکەی هاوسەرگیرییە گرنگ لێکتێگەیشتن وگونجانە لە نێوانماندا، بۆیە لەڕوانگەی ئەوەی ئێستای گەنجان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی گرنگی پێبەخشینە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، چونکە لای ئەوان تەنیا لایەنی ئەرێنییان بینیوە نەوەک نەرێنی، هەروەک هەر چوار لێتوێژەر پێیان وابوو کە هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایەکی دروست و تەندروستە، چونکە بەپێی وەڵامەکان بێت تائێستا تووشی کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوون کە شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردن بێت، ئەگەرچی بەپێی وەڵامی هەر چوار لێتوێژەر بێت تەنیا تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیس بووک ئەوانی بە یەکتر ناساندووە، کەچی بەپێی وەڵامی لێتوێژەران ئەوان

هەمــوو ڕێگاکانــی دیکــەی هاوســەرگیرییان لەســەر بنەمــای نەریتــی کۆمەڵــگای کــوردی ئەنجــام داوە ئــەوەش دەرخــەری ئەوەیــە کــە نــەوەی گەنجــان، ئەگەرچــی ڕێــگای دۆزینەوەیــان مۆدێرنــە و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان لــە بەرژەوەندیــی خۆیــای بــەکار دێنــن، بــەڵام دواجــار پابەنــدی هەمــان نەریــت و بەهاکانــی هاوســەرگیریی کۆمەڵــگان، کەوابــێ ئــەو جــۆرە هاوســەرگیرییە بەپێــی وەڵامــی لێتوێــژەران کردەوەیەکــی پۆزەتڤــف و دروســتە ڕێژەکــەی بــەرەو هەڵکشــان دەچێــت، بــەڵام ئــەوەی کــە توێــژەر تێبینــی کــردووە لــە میانــەی گــەڕان بــە دوای کۆکردنــەوەی زانیــاری لەســەر ئــەو پرســە نموونــەی وەرگرتنــی ئــەو بابەتــە ئێجــگار زەحمەتــە لەبــەر کۆمەڵێــک فاکتــەری کۆمەڵایەتــی و کەســی، چونکــە بەگوێــرەی لێدوانــی بەشــداربووان ئــەوە ڕوون بۆتــەوە لای توێــژەر کــە هاوســەرگیری لــە ڕێــگای تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بابەتێکــی تازەیــە و نەبووەتــە دیاردەیەکــی بــاو لــە نێــو گەنجانــدا، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا لایەنــی ئەرێنــی ئــەو دیــاردە تازەیــە بریتییــە لــە ســووربوون و گــەڕان و جــۆش و خرۆشــی ئــەو جــۆرە هاوســەرگیرییە تازەیــەی نێــو پلاتفۆرمــە کۆمەڵایەتییــە باوەکانــی کۆمەڵــگای کــوردی هەمــان بەشــداربووانی ســێیەم و چــوارم پێیــان وایــە کــە دوای ئەنجامدانــی پرۆســەکەش کــە نزیکــەی چەنــد مانگێــک دەبــێ هاوســەگیریان کــردووە، کەچــی ژیانــی ڕۆژانــەی هاوســەرگیریمان وەک هەمــوو هاوســەرێکی دیکــە بــە دروســتی و ئاســایی بــەڕێ دەکەیــن بەبــێ ئــەوەی هیــچ گرفــت و کێشــەیەکی خێزانیــان هەبێــت ببێتــە هــۆی دابــڕان و لێکــترازان و هەڵوەشــانەوەی ئــەو هاوســەرگیرییەی کــە لــە ڕێــگای فەیســبووکەوە کردوویانــە، بــەڵام گرێبەســتی هاوســەرگیرییەکەیان وەک هەمــوو فۆرمێکــی بــاوی کۆمەڵــی کــوردی لــە ڕێــگای دادگا و نەریتــە باوەکانــی کۆمەڵــگا ئەنجــام دراوە.

**ئەنجام**

لــەم توێژینەوەیــەدا ئەنجامــی بەدەســتهاتوو لــە ڕێــگای ٤ کــەس کــە لێتوێــژراو بــوون بــە شــێوەی خۆبەخــش چاوپێکەوتنــی نیمچــە ڕێکخراویــان لەگــەڵ ئەنجــام دراوە، ئەویــش بــە ئاراســتەکردنی چەنــد پرســیارێک، بــۆ نموونــە لێکەوتــە ئەرێنــی و نەرێنییەکانــی ئــەو جــۆرە هاوســەرگیرییە تازەیــە چییــە؟ یــان تێڕوانینــی بــاوان و کەســوکار بــۆ قبوڵکــردن و ڕەتدانــەوەی ئــەم جــۆرە هاوســەرگیرییە چۆنــە ئەنجامــی بەدەســتهاتوو بەگوێــرەی وەڵامــی لێتوێــژەران پرۆســەی هاوســەگیری هــەر هاوســەرگیرییە ئینجــا چــی لــە ڕێــگای تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بێــت، یــان ڕیــگای تــر بێــت لای ئــەوان لێکەوتــەی ئەرێنــی هەیــە وەک نەرێنــی، هــەروەک ئەنجامــی بەدەســتهاتوو ئــەوە نیشــان دەدات کــە تێڕوانینــی بــاوان بــۆ ئــەم جــۆرە هاوســەرگیرییە ئەرێنییــە وەک ئــەوەی نەرێنــی بێــت.

هەروەهــا بەپێــی وەڵامدانــەوەی لێتوێــژەران بێــت پرۆســەی یەکترناســین و هاوســەرگیری لای گەنجــان لــە ڕێــگای تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان هەنگاوێکــی ئەرێنییــە و تێگەیشــتن و گونجانــی هاوســەرگیری لێکەوتۆتــەوە هــەر وەک هەوڵێکــە بــۆ دۆزینــەوەی هاوبەشــی ژیــان.

توێــژەر بەپێــی ئــەو توێژینەوەیــە بــە هــۆی بینیــن و ســازدانی چاوپێکەوتنــی نیمچــە ڕێکخــراو لەگــەڵ ئــەو لێتوێــژەرە گەنجانەی کــە بــەو ئەزموونــە تێپەڕیــون گەیشــتە ئــەو ئەنجامــەی، کــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان هاندەرێکــی ئەرێنــی و گرنگــن بــۆ دۆزینــەوەی هاوســەرگیری و بەکارهێنانــی ئــەو پلاتفۆرمانــە بــە شــێوەی ئەرێنــی بــۆ ئەنجامدانــی کاری بــاش و ئاینــدەی هاوســەگیریی گەنجــان هــەر وەک توێــژەر بەپێــی وەڵامــی پرســیارەکان گەیشــتە ئــەو دەرەنجامــەی کــە بەشــێکی نــەوەی گەنجــان چالاکانــە بــە شــێوەی ڕێژەیــی هەوڵــی بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی خــودی دەدەن ئــەو پلاتفۆرمانــە بــەکار دێنــن بــۆ دۆزینــەوەی هاوبەشــی ژیانیــان بــە مەبەســتی هاوســەرگیری لــە ڕێــگای تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــەوە بــە شــێوەی دروســت هــەر وەک بەپێــی داتــا و زانیارییــەکان و ڕاڤەکردنــی بۆچوونــی لێتوێــژەران بێــت ئەنجامــی بەدەســتهاتووی توێژینەوەکــە پێــمان دەڵــێ، کــە توێــژی گەنجــان زیاتــر ئــەو جــۆرە هاوســەرگیرییە ئەنجــام دەدەن بــەراورد بــە نــەوەی پێشــوو.

## لیستی سەرچاوەکان

**کتێبەکان بە ئینگلیزی/**

1. Beck, Ulrich, and Beck, Elielizabet, Distant love, translated by Rodney Livingstone
2. Bryman, Alan, Social Research Methods, Fourth edition, by Oxford University Press Inc., New York, 2012, Polity Press, 2014.
3. Goodwin, Robin, Personal Relationships across Culture, Taylor & Francis e-Library, 2003.
4. Dutton, William and Helsper, Ellen, The Role of the Internet in Reconfiguring Marriages: A Cross-national Study, 2014.
5. Touraine, Alain, Can we live together, Equality and Difference, Translated by David Macey, Stanford University Press, 2000.
6. Sarantakos, Sotirios,social research, 4th Edition, 2013.
7. Marvasti, Amir, Qualitative Research in Sociology, New Delh, 2004.
8. Johnson, kate, Digital sociology, Nick Prior, 2013.
9. France, Alan, Understanding Youth in Late Modernity, Open University Pres, 2007.
10. Guo, Junyi, Relationship between the Internet and Marital Decision, 2020.
11. Gared, bouman & G. B. J. Atkinson, A hand book of social science , oxford university , 1995.
12. Third, Amanda & others, Young People in Digital Society, 2019.

سەرچاوەکان کتێبەکان/ بەڕوسی

13. Оганян к.м.манько,социология молодежи.санкт-петербургб 2008
14. В.и.чупров зубок, социология молодежи,москва,2013

## الملخص

تهـدف الدراسـة الى وصـف ايجابيـات وسـلبيات زواج الشـباب مـن خـلال الشـبكات الاجتماعيـة، وقـد تمثلـت الحـدود المكانيـة للبحـث في مدينـة اربيـل التـي اعتمـدت كمنطقـة لجمـع البيانـات التـي تـم اسـتخدامها و قـد تـم جمـع البيانـات والمعلومـات مـن خـلال مقابلـة شـبه مقننـة بلـغ عـدد المشـاركين فيهـا 4 أفـراد متطوعـين، مقسـمين مناصفـة إلى ذكـور وانـاث . وقـد أشـارت نتائـج هـذه الدراسـة إلى أن عمليـة الـزواج لـدى الشـباب عـبر وسـائل التواصـل الاجتماعـي هـي نفسـها مـن خـلال الـزواج التقليـدي أو بطـرق أخـرى، وان الشـكل الجديـد للـزواج عـبر وسـائل التواصـل الاجتماعـي بالنسـبة لهـم إيجـابي وليـس سـلبي، وبحسـب اجابـات المشـاركين في الدراسـة فـإن عمليـة التعـرف بـين الازواج عـبر شـبكات التواصـل الاجتماعـي هـي خطـوة إيجابيـة أدت إلى التفاهـم والتوافـق فيـما بينهـم.

**الكلمات الدالة** : الزواج، شبكات التواصل الاجتماعي الرقمية، جيل الشباب، الزواج عن طريق شبكات التواصل الاجتماعي.



## Abstract

The aim of this study is to describe the consequences of youth marriage through social network in Erbil City is the area where all data ccollected which was used with a semi structured interview. The number of participants was 4 volunteers, divided into two boys and two girls , The results of this study indicated that the marriage process is marriage itself from a youth's perspective, whether through social networks or other ways, the new form of marriage for them is positive rather than negative. According to the responding of participants, the process of getting to know each other and getting married through social networks is a positive step and has led to understanding and compatibility.

**Key words:** digitalized , marriage , young generations, marriage through social networks.